# ئەدی سەدامەکانی تر..؟

لە ( ئاڵای ئازادی ) یەوە

**ئیدریس عەلی**

سەرلەبەیانی دوێنێ دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی سەدام حسێن و چەند هاو تاوانێکی دەرکرد، ئەم بڕیارە دڵی زۆربەی خەڵکی لەو پەڕی عێراقەوە تا ئەمپەڕی کوردستان خۆشکرد، دڵخۆشیەکەمان لەوێوە نییە کە ئێمە لەسەردەمێکی دڵڕەق و بێبەزییدا دەژین، بەڵکو لەو ڕقەوەیە کە چەندین ساڵە ئەو نەزمە فاشتەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە لەلامان درووستی کردووە.

من بۆ خۆم وەك هەڵە بجەییەك لەکاتی خوێندنەوەی بڕیارەکەدا لەلایەکەوە چاوانم تژی بوون لەفرمێسك و لەلایەکیشەوە لێوانم ڕەنگێکی تۆخی زەردەخەنەی تێزا، فرمێسکەکانم زەنگی ئەو دەرگایە بوون کە ڕۆژانێ منالانە دەچووم بە شوێن هاوڕێکانما هەتا گازیانکەم بۆ یاریکردنی نێو کۆلان، یەکەیەکە ئەو هاوڕێیانەم یاد هاتەوە کەبەکیمیایی ئەو دەسەلاتە، پەپولانە بەدەم گەمەکردن و هەڵفڕین و سەماکردنەوە مردن.. ڕەنگی تۆخی زەردەخەنەکەشم بۆ ئەوەبوو کە ئیتر ملی تاوان دەبینم لەنێو پەتی سێدارەدا.

دواجار بڕیارەکە دەرچوو.. ئیدی کەیی و چۆن جێبەجێدەکرێت لەلای من پرسیارێکی گرنگ نییە، پرسیارە گرنگەکە ئەمەیە:
ئایا ئیتر دادگاو یاسا لەم وڵاتەدا جێکەوتە دەبێت و دەستی تاوان کورت دەکرێتەوە؟ ئایا ئەوی لەسەر کوشتن و تاوان و خوێنڕشتن بەردەوامە ڕۆژێك لەڕۆژان لەبەردەم شکۆی دادگادا سەر شۆڕانە ڕادەوەستن و یاساش بڕیاری خۆی دەردەکات و بەسزایان دەگەیەنێت؟ ئایا ئەو بڕیارە دەبێتە مێسجێك و بۆ ئەو کەس و هێزو لایەنانەی دەنێردرێت کە گەرەکیانە تاوان و ستەمکاری لەم وڵاتەدا درێژە پێبدەن و پرۆژە تەواونەکراوەکانی بەعس تەواو بکەن و دیسان ئەم نیشتمانە بخەنەوە نێو گێژاوی جەنگ و کارەساتەوە؟

ئاخر خۆ ئەگەر سەدامیش لە سێدارە بدرێت هێشتا ئەم وڵاتە پڕیەتی لەسەدامی بچکۆلەترو چاوسورتر بەخوێنی منداڵ و پیر.. پڕیەتی لەوسەدامانەی کەبەناوی خواو ئاین و نەتەوەو نیشتمان و دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە ژیان لە ئینسانەکان تێکدەدەن و خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان دەکوژن.. هێشتا بازاڕەکان جمەیان دێت لەو سەدامە بازرگان و تێرنەخۆرانەی کە ئەگەر بۆیان بلوێت دەستیان دەنێنە بینەقاقای ژیانمان و بەگرانی و قات و قڕی دەمانسووتێنن.. ئەدی دادگای بەڕێزو خاوەن دەسەڵات و بڕیار، حەقە لەوسەدامانەی تریش خۆشنەبن کە گەمە بە پیرۆزیەکانی ئینسان و سەروەریەکانی نیشتمانەوە دەکەن و خوێنی شەهیدان و قوربانیەکانمان تالانفرۆش دەکەن بەخاتری مەرامە سیاسیەکانیان، ئەوسەدامە گرگنانەی بەجلوبەرگێکی ترو بە زمانێکی ترو بەچەکێکی ترەوە خەریکن دەسەڵاتی خۆیان فەرز دەکەن و چ حسابێك بۆ ژیان و ئارامی خەڵك ناکەن.. ئەو سەدامانەی ڕۆژانە بەناوی ئاین و دیموکراسییەوە ئاگر لەبەردەم دەرگایماڵەکانمان دەکەنەوە تا دەست و پێی مناڵەکانمان بسوتێنن.. ئەو سەدامانەی کەبەناوی پەرلەمان و دەنگی خەڵك و شەرعیەتەوە سەرقاڵی ڕازیکردنی دڵی سەرەك هۆزو عەشایرو کۆنەجاش و بەعسیە ڕەسەنەکانن..!

ئەز بۆچوونم وەهایە لەسێدارەدانی سەدام کۆتایی بەنەهامەتییەکان ناهێنێ ئەگەر لەریشەوە نەزموو یاساو دەسەڵاتەکەی بەعس دەرنەهێنرێت و لەجێگەیدا یاسایەکی ئینسانی و مۆدێرنانە جێگر نەکرێت.. تاوان و ستەمکاری سەرەتای دەستبەکاربوونیەتی لەم وڵاتەدا ئەگەر دادگاو یاسا نەچێتەوە بە دۆسیەی ئەو سەدامانەی تردا کە ڕۆژانە لێرەو لەوێ وەکو قارچك هەڵدەتۆقێن و لە ژێر بڕوبیانوی کۆمەڵێك درووشمی جواندا بەئاگری ئاین و نەتەوەوە دەمانسووتێنن.